گۆتێرێس بە پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان: عێراق ئەمڕۆ وڵاتێکی جیاوازە خاوەن ئەمن و ئارامییە

ئەمڕۆ شەممە ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی خۆی بۆ عێراق لە بنیاتنانی وڵاتێکی ئاوەدان و سەقامگیر دووپاتکردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە شایەتحاڵی بوێری و خۆڕاگری و ئیرادەی عێراق بووە لە تێپەڕاندنی تیرۆر و دەستوەردانی دەرەکی و تائیفەگەری.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرا ن،کە ئاژانسی هەواڵی موتەڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە گۆتێرێس ڕایگەیاند : عێراق خاکی شارستانیەت و مێژوو و مرۆڤایەتییە و ئەمەش شاهیدی بوێری و خۆڕاگری و ئیرادەی ئەو وڵاتە بووین لە تێپەڕاندنی تیرۆر و دەستوەردانی دەرەکی و تایفەگەری، ئاماژەی بەوەشکرد، پابەندبوونی عێراق بەرز دەنرخێنین بۆ گەڕاندنەوەی هاووڵاتیانی لە کەمپی هۆڵەوە.

گۆتێرێس پیرۆزبایی لە عێراق کرد بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق و هیوای خۆی دەربڕی کە حکومەتی عێراق متمانە و سەقامگیری لە وڵاتدا بنێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد : ئەرکی یۆنامی لە عێراق هاوکار بوو لە ئاوەدانکردنەوەدا دوای دەیان ساڵ شەڕ، ئامانجیشمان پاڵپشتیکردنی عێراق بوو لە هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری، ئاماژەی بەوەشکرد بە داخستنی ئەرکەکە، دەزگای گرنگی گەشەپێدانی مرۆیی دەمێنێتەوە، ئەمەش لەگەڵ عێراق وەستاوین بۆ

بنیاتنانی و□ا ت□کی ئاو□دان و س□قامگیر.